# گرتن‌و لێدانی خۆپیشان دەران بەهەموو شێوەیەک ئیدانە دەکەین!

ماوەیەکە چەندین خۆپیشاندان‌و نارەزایی لەلایەن جەماوەرو بەتایبەت خوێندکارانەوە ئەنجام دەدرێت, کە دەخوازن بەشێوەیەکی دیموکراتیانە داخوازیە کانیان بخەنە ڕوو.. بەلاّم ئەوەی جێگەی سەرنجی هەموولایەکە لەلایەن دەسەلاّتەوە خۆپیشان دەران بەرەو ڕووی توندترین هەلۆیستی ئاسایش دەبنەوە،هەلۆیستێك کە تاکو ئاستی تەقەکردن‌و گرتن‌و بریندارکردن‌و هەتاوەکو کوشتنیش، تەنانەت لەم هەلۆیستانەشدا دەست لە ڕۆژنامەنوسانیش ناپارێزرێت. وەك نمونەی خۆپیشاندانەکانی (کۆیەو،هەلەبجە). بەتایبەت ئەو خۆپیشاندانەی کە بەرواری (2006/4/13) ژمارەیەك لە خەلکی ئازادی خوازو ڕۆشنبیرو پارتی چارەسەری بۆ پشتیوانی کردن لە گەلی باکوری کوردستان‌و مەحکوم کردنی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن ڕژێمی تورکیاوە و پرۆسەی بەدناوی ئەنفال بەنیازبوون سازی بدەن لەبەر دەرکی سەرای شاری سلێمانی.. ئەوەبوو لە کاتژمێر (10)ی سەرلە بەیانی لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە بەرلەوەی دەست بکرێت بە خۆپیشاندانەکە کەوتنە بەر لێدان‌و گرتنیان‌و بلاّوە پێکردنی خۆپیشاندانەکە..! لەم نێوەندەشدا هێزی ئاسایش بێ گوێدانە هیچ پرەنسیپێکی دیموکراتی‌و مافی مرۆڤ بێ جیاوازی کردن لەنێوان ژن‌و مندالّ‌و پیرو پیاو کاسب‌و ڕۆژنامەنووساندا بە شێوەیەکی زۆر نەشیاو کەوتنە لێدان‌و گرتنی خۆپیشاندەران‌و هاوولاّتی ئاسایی ئەوناوە, بەدەیان کەسیان دەسگیرکرد, پاش لێدان‌و بریندار کردنی ژمارەیەکیان‌و هەتا گەیشتە بوراندنەوەی کچێك تیایاندا...! وەلەنێو ئەم گیراوانەدا مندالّێکی دووسالاّن‌و پەیامنێری ڕۆژنامەی (هاولاّتی) (هیلال ئیبراهیم)و سەرنوسەری ڕۆژنامەی (کرانەوە) (کاروان ئیبراهیم)ی تێدایە...

بۆیە ئێمە وەکو ئەم ڕێکخراوانەی کەلە خوارەوە ناومان هاتووە, لەگەلّ ئەوەی کە ئێمە لەگەلّ خۆپیشاندانی یاسایی‌و هێمنداین، بەلاّم ئەم هەلۆیستەی هێزەکانی ئاسایش بە نەشیاو دەزانین کەئەمە بۆ چەندین جارو لە چەندین خۆپیشاندانداندا دووبارەی دەکەنەوە.. لە هەمان کاتیشدا داوای ئازادکردنی گیراوەکان دەکەین. هاوکات ئەوە ڕادەگەیەنین کە سەرجەم ڕیکخراوە مەدەنیەکان‌و ڕێکخراوەکانی پاراستنی مافی مرۆڤ, لە ئاستی ئەم پێشێلکاریەدا بێدەنگ نەبن‌و هەلۆیستی ڕوون‌و ئاشکرایان هەبێت.. بۆئەوەی چیتر ئەم کردەوە نەخوازراوانە دووبارە نەبنەوە, چونکە کردەوەیەکی وەها بە نەشیاو دەزانین لە بەرامبەر گەلێکدا کە لەمێژوودا قوربانی زۆری داوە لە پێناوبە دیهێنانی مافەکانیدا.

⋆ ڕێکخراوەکان:

**1/ یەکێتی قوتابیانی کوردستان**

**2/ یەکێتی گشتی قوتابیانی کوردستان**

**3/ ڕێکخراوی گەشەپێدانی قوتابیانی کوردستان**

**4/ ڕێکخراوی خوێندکارانی کرانەوەی دیموکراتی**

**2006/4/17**